# فیقهی ئاسان: بەشی زەکات: دەروازەی یەکەم : پێشەکیەکانی زەکات

< کوردی - كردي - kurdish >

## دەستە بژێرێک لە زانایان

وەرگێرانی: دەستەی بەشی کوردی لە ماڵپەری ئیسلام هاوس
پێداچونەوەی: پشتیوان سابیر عەزیز

# الفقه الميسر :كتاب الزكاة: الباب الأول : في مقدمات الزكاة

نخبة من العلماء

ترجمة : فريق القسم الكردي بموقع إسلام هاوس
مراجعة: بشتيوان صابر عزيز

# بەشی زەکات

## دەروازەی یەکەم : پێشەکیەکانی زەکات، کە چەند بابەتێک لەخۆ دەگرێت

### بابەتی یەکەم : پێناسەی زەکات :

**زەکات لە زمانەوانیدا :** بەواتای گەشە وزیادکردن دێت، ووتراوە : زكى الزرع : کاتێك گەشە دەكات .

**لە شەرعیشدا زەکات مەبەست پێی :** ئەو هەقەیە کە واجب بووە لەو ماڵ وسامانەی کە گەشتبێتە ڕادەیەکی دیاریکراو، بەکۆمەڵێك مەرجی تایبەتەوە، بۆ دەستە وکۆمەڵە کەسێکی دیارکراو، ئەمەش بەندەکان پاك دەکاتەوە، ودەروونەکانیش خاوێن دەکاتەوە، خوای گەورەش فەرموویەتی : ﴿خُذۡ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ صَدَقَةٗ تُطَهِّرُهُمۡ وَتُزَكِّيهِم بِهَا﴾ [ التوبة : 103 ]، واتا : لە ماڵ وسامانیان زەکات وەربگرە، بەهۆیەوە دڵ و دەروونیانی پێ پاکەوەکە، هەتا لە گوناهەکانیان پاك ببنەوە .

بێگومان زەکات هۆکارێکە لەهۆکارەکانی هۆگری وخۆشەویستی ودادگەری وهاوسەنگی کۆمەڵایەتی لە نێوان تاکەکانی کۆمەڵگەی موسڵماندا .

### بابەتی دووەم : حوکمی زەکات و بەڵگەکان لەسەری :

زەکاتە فەرزێکە لە فەرزەکانی ئاینی پیرۆزی ئیسلام، وە یەکێکە لە پێنج پایە و کۆڵەکەکانی، زەکات لەپاش نوێژ، گرنگترین پایەی ئیسلامە، وەك خوای گەورە لە قورئانی پیرۆزدا هەمیشە لەپاش نوێژ فەرمانی پێکردووە، وەك فەرموویەتی : ﴿وَأَقِيمُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتُواْ ٱلزَّكَوٰةَ﴾ [ البقرة : 43 ]، واتا : نوێژ بکەن و زەکات بدەن، وە فەرموویەتی : ﴿خُذۡ مِنۡ أَمۡوَٰلِهِمۡ صَدَقَةٗ تُطَهِّرُهُمۡ وَتُزَكِّيهِم بِهَا﴾ [ التوبة : 103 ]، واتا : لە ماڵ وسامانیان زەکات وەربگرە، بەهۆیەوە دڵ و دەروونیانی پێ پاکەوە، هەتا لە گوناهەکانیان پاك ببنەوە .

وە پێغەمبەری خوایش (صلی اللە علیە وسلم) فەرموویەتی : " بني الإسلام على خمس, شهادة أن لا إله إلا الله وأن محمد رسول الله، وإقام الصلاة، وإيتاء الزكاة، وحج البيت وصوم رمضان " [1]، واتا : ئیسلام لەسەر پێنج پایە وکۆڵەکە بنیات نراوە، شاهیدی دان بەوەی کە هیچ پەرستراوێکی بە هەق نیە جگە لە ( اللە )، وە شاهیدی بدەیت کە موحەمەد پێغەمبەری خوایە، وە ئەنجامدانی نوێژەکان، وە زەکات دان، و حەجی ماڵەکەی خودا، وورۆژووی مانگی ڕەمەزان .

وە بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەش کاتێك پێغەمبەری خوا ( صلی اللە علیە وسلم ) وەصیەتی موعاذی کوڕی جەبەلی پێکرد کاتێك ناردی بۆ یەمەن، و پێی فەرموو : " ادعهم إلى شهادة أن لا إله إلا الله وأني رسول الله فإن هم أطاعوا لذلك فأعلمهم أن الله قد افترض عليهم خمس صلوات في كل يوم وليلة فإن هم أطاعوا لذلك فأعلمهم أن الله افترض عليهم صدقة في أموالهم تؤخذ من أغنيائهم وترد على فقرائهم " [2]، واتا : بانگیان بکە بۆ شاهیدی دان بەوەی هیچ پەرستراوێکی بەهەق نیە جگە لە (اللە) وە بۆ شاهیدی دان بەوەی من پێغەمبەری خوام، ئەگەر هاتوو گوێڕایەڵی ئەمە بوون، فێریان بکە وپێیان ڕابگەیەنە کە خوای گەورە لە شەو ورۆژێکدا پێنج نوێژی لەسەر فەرز کردوون، ئەگەر هاتوو گوێڕایەڵی ئەمەش بوون، فێریان بکە وپێیان ڕابگەیەنە کە خوای گەورە زەکاتی ماڵ وسامانەکەیانی لەسەر فەرز کردوون، لە دەوڵەمەندەکانیان وەربگرە، وبیدەوە بە هەژارەکانیان .

پاشان زانایان لە تەواوی وولاتانی ئیسلامیدا کۆدەنگن لەسەر واجبیەتی زەکات، وە هاوەڵانیش هاودەنگ بوون لەسەر شەڕ و جەنگ کردن لەگەڵ ئەوانەی زەکاتیان نەدا .

بەمەش بە بەڵگەکانی قورئان و سوننەت و کۆدەنگی زانایان فەرزیەتی زەکاتدان سەلمێنرا .

### بابەتی سێهەم : حوکمی ئەو کەسەی کە ئینکاری زەکات دەکات :

هەر کەسێك بە نەزانی ئینکاری واجبیەتی زەکات بکات، نەزانیەك لە کەسێکەوە نمونەکانی وەك ئەو نەزانن بە حوکمی زەکات، ئەمەش یان لەبەر ئەوەی تازە موسڵمان بووە، یان ئەوەتانێ لە لادێ

(1) بوخاری موسلیم هاوڕان، بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (8) و موسلیم بفەرموودەی ژمارە (16)، لە فەرموودەکەی عەبدوڵای کوڕی عومەرەوە ( خوایان لێ ڕازی بێت ) .

(2) بوخاری موسلیم هاوڕان، بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (1395) و موسلیم بفەرموودەی ژمارە (19)، لە فەرموودەکەی عەبدوڵای کوڕی عەباس ( خوایان لێ ڕازی بێت ) .

و گوندێکی دوور گەورە بووە ودووره لە ژیانی شار، ئەوە حوکم نادرێت بە کافر بوونی ئەو کەسە، چونکە بیانووی هەیە .

بەڵام ئەگەر هاتوو ئەو ئەکەسەی ئینکاری واجبیەتی زەکات دەکات کەسێکی موسڵمان بێت لەنێو موسڵمانان و شار و وولاتان و زانایانی ئیسلامدا ژیا بێت و پەروەردە بوو بێت، ئەوا ئەو کەسە بە هەڵگەڕاوە لە دین دادەنرێت و سەرجەم حوکمەکانی کەسی هەڵگەڕاوە لەدینی بەسەردا جێ بەجێ دەکرێت، مۆڵەتی سێ ڕۆژی پێدەدرێت کە تەوبە بکات و پەشیمان بێتەوە، ئەگەر هاتوو تەوبەی کردو پەشیمان بوویەوە باشە، وە گەر نا دەکوژرێت، چونکە بەڵگەکانی واجبیەتی زەکات لە قورئان و سوننەت و کۆدەنگی زانایانی ئومەتی ئیسلام زۆر ڕوون و ئاشکرایە، چونکە چاوەڕوانی نەزانین و جەهلی واجبیەتی زەکات لەکەسێکی لەم شێوەیە لێ ناکرێت، ئەم ئینکاری کردنەش تەنها بۆ شتێك دەگەڕێتەوە، ئەویش ئەوەیە قورئان وسوننەت بەدرۆ دەزانێ و باوەڕیان پێ ناکات .

### بابەتی چوارەم : حوکمی ئەو کەسەی لەبەر ڕژدی و بەخیلی زەکات نادات :

هەرکەس لەبەر ڕژدی و بەخیلی زەکات نەدات، بەڵام باوەڕی هەبێت بەوەی خوای گەورە واجبی کردووە، ئەوە ئەو کەسە بە زەکات نەدانەکەی گوناهبارە، بەڵام پێی لە ئیسلام ناچێتە دەرەوە، چونکە زەکات بەشێکە لە بەشەکانی دین، بۆیە تەنها بە نەدانی زەکات کافر نابێت، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) لە بارەی ئەو کەسانەی کە زەکات نادەن فەرموویەتی : " ثم يرى سبيله إما إلى الجنة وإما إلى النار " [(1)]،چونکە ئەگەر بهاتایە بێباوەڕ بوایە باسی ڕێگای بۆ بەهەشت نەدەکرد، ئەم جۆرە کەسانە سەرەڕای ئەوەی بەزۆر زەکاتی ماڵیان لێ وەردەگیرێت، سزایەکی گونجاوی وایش دەدرێن کە جارێك تر نەکەن زەکاتی ماڵیان دەرنەکەن، خۆ ئەگەر ئەمانە زەکاتیان نەدا و دەستیشیان کرد بە جەنگ کردن لەگەڵ موسڵماناندا ئەوا پێشەوای موسڵمانان دەبێت لەگەڵیاندا بجەنگێت تاوەکو ملکەچی فەرمانی خوا دەبن و زەکاتی ماڵەکەیان دەردەکەن، خوای گەورەش لەم بارەیەوە فەرموویەتی : ﴿فَإِن تَابُواْ وَأَقَامُواْ ٱلصَّلَوٰةَ وَءَاتَوُاْ ٱلزَّكَوٰةَ فَخَلُّواْ

(1) موسلیم ڕیوایەتی کردووە، بەفەرموودەی ژمارە (987)، ئەم فەرموودەیە بەشێکە لەو فەرموودەی دور ودرێژەی لەبارەی گوناهی ئەو کەسانەی کە زەکات نادەن ووتراوە، لەو فەرموودەیەدا باسی ئەوە کراوە : ئەو کەسەی کە زەکاتی ئاڵتون وزیوەکەی نادات لەتۆڵەیدا لە ناو ئاگری دۆزەخدا دەسوتێرێت، پاشان ڕێگاکەی دەبینێت یان بۆ بەهەشت یان بۆ ئاگر .

﴿سَبِيلَهُمْ﴾ [ التوبة : 5 ], واتا : جا ئەگەر تەوبەیان کردو وازیان هێنا لەو کارەیان و نوێژیان کردو زەکاتیاندا، ئەوە وازیان لێبهێنن و ڕێیان بۆ چۆڵ بکەن .

هەروەها پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : " أمرت أن أقاتل الناس حتى يشهدوا أن لا إله إلا الله، وأن محمدا رسول الله، ويقيموا الصلاة، ويؤتوا الزكاة، فإذا فعلوا ذلك عصموا مني دمائهم وأموالهم إلا بحق الإسلام وحسابهم على الله " [(1)], واتا : فەرمان پێکراوە کە لەگەڵ خەڵکیدا بجەنگم، تا ئەو کاتەی شاهیدی دەدەن کە هیچ پەرستراوێکی بەهەق نیە جگە لە ( الله ) وە شاهیدیش دەدەن من پێغەمبەر و نێرراوی خوام، وە نوێژەکانیان دەکەن، وزەکاتی ماڵ وسامانیان دەردەکەن، جا ئەگەر هاتوو ئەوەیان کرد ئەوا خوێن وماڵ وسامانیان پارێزراو دەبێت، بە هەق ومافێك لە هەق ومافەکانی ئیسلام نەبێت، پاشان لێپرسینەوەشیان لەسەر خوایە .

ئەبو بەکری صدیق یش ( خوای لێ ڕازی بێت ) لەبارەی ئەو کەسانەی کە زەکاتی ماڵ وسامانیان نەدا، ووتی : " لو منعوني عناقا كانوا يؤدونها إلى رسول الله لقاتلتهم عليها " [(2)]، واتا : ئەگەر بێتو ڕێگری بن لە دانی کارە مێنگەیەك کە کاتی خۆی دەیاندا لە زەکاتدا، ئەوا لەگەڵیاندا دەجەنگم – تا ئەو کاتەی ملکەچ دەبن - .

مەبەست لە ووشەی ( العناق ) کاری مێنگەیە کە هێشتا ساڵێکی تەواو نەکردبێت .

دیارە کاتێك ئەبو بەکر ( خوای لێ ڕازی بێت ) ئەم هەڵوێستەی هەبوو لە بەرامبەر ئەو کەسانەی ڕێگر بوون لە پێدانی زەکات، هەرسێ خەلیفەکەی تری ڕاشدین و تەواوی هاوەڵانیش پشتگیری هەڵوێستەکەی بوون، ئەمەش واتا و مانای کۆدەنگ ( الاجماع ) ی ئەوان دەگەیەنێت لەسەر شەڕ کردن لەگەڵ ئەو کەسانەی زەکات نادەن، دیارە ئەو کەسەشی لەبەر ڕژدی وبەخیلیش زەکات نەدات ئەوا دەچنە چوار چێوەی ئەو دەقانەی کە ئاماژەمان پێدان ئەگەر دەسەڵاتیان هەبوو وە شەڕ وجەنگیان کرد ئەوا پێشەوای موسڵمانان لەگەڵیاندا دەجەنگێت تا ملکەچی فەرمانی خوا دەبن .

## بابەتی پێنجەم : ئەو ماڵ و سامانەی کە زەکاتیان تێدا واجبە :

(1) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (2946) وموسلیم بەفەرموودەی ژمارە (21) ڕیوایەتیان کردووە .

(2) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (1400) وموسلیم بەفەرموودەی ژمارە (20) ڕیوایەتیان کردووە .

1- ( بهيمة الانعام ) مەبەست پێی ووشتر ورەشە وولاخ، ومەڕ و بزنە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : " من صاحب إبل ولا بقر ولا غنم لا يؤدي زكاتها إلا جاءت يوم القيامة أعظم ما كانت وأسمنه تنطحه بقرونها وتطؤه بأخفافها كلما نفدت أخراها أعادت عليه أولاها حتى يقضى بين الناس "[1], واتا : ئەو خاوەن ووشتر و رەشەوولاخ و مەڕ وبزنەی زەکاتی ماڵاتەکەی دەرنەکات، ئیلا کاتێك کە ڕۆژی دوایی دێت ئەو ئاژەڵانە زۆر لەوە گەورەتر و قەڵەوتر دەیانهێنن، بە شاخەکانیان شۆخیان لێ دەدەن، وە دەیانخەنە ژێر سم و قاچیانەوە، جا کاتێك کە دوا دانەیان تەواو دەبێت، دیسان جارێك تر دێنەوە بەسەریدا، ئەمە بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی کە دادگایی خەڵکی دەست پێ دەکات .

2- ( النقدان ) زێر وزیوو : وە هەر شتێکی تریش جێگای ئەوانی گرتبێتەوە لەم دراوانەی کە ئێستا لە نێو خەڵکیدا دەستاو دەستی پێدەکرێت، لە بارەی زەکاتی زێر و زیووەوە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿وَٱلَّذِينَ يَكۡنِزُونَ ٱلذَّهَبَ وَٱلۡفِضَّةَ وَلَا يُنفِقُونَهَا فِي سَبِيلِ ٱللَّهِ فَبَشِّرۡهُم بِعَذَابٍ أَلِيمٍ﴾ [التوبة : 34], واتا : ئەوانەی کە زێر و زیو کۆ دەکەنەوە و قایمی دەکەن و لە پێناوی ڕێبازی خوادا زەکاتەکەی دەرناکەن و نایبەخشن، ئەوە مژدەی سزایەکی پڕ ئێشیان بدەرێ!!

وە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) دەفەرموێت : " ما من صاحب ذهب، ولا فضة، لا يؤدي منها حقها إلا إذا كان يوم القيامة صفحت له صفائح من نار، فأحمي عليها في نار جهنم، فيكوى بها جنبه، وجبينه، وظهره، كلما بردت أعيدت له في يوم كان مقداره خمسين ألف سنة، حتى يقضى بين العباد فيرى سبيله، إما إلى الجنة وإما إلى النار "[2]، واتا : ئەو خاوەن زێر وزیوەی کە زەکاتی زێر وزیوەکەی دەرناکات، لە ڕۆژی دواییدا چەند پارچەیەك لەو زێر وزیوانە دەهێنن و بە ئاگری دۆزەخ سوریان دەکەنەوە وپاشان نێوچەوان وئەملاولای وپشتی پێ داخ دەکەن، جا کاتێك ساردیش دەبنەوە جارێکی تر ئامادەی دەکەنەوە بۆ ئەوەی پێی داخ بکەنەوە، لە ڕۆژێکدا کە تەنها ڕۆژێکی بە ئەندازەی پەنجا هەزار ساڵە، ئەمەش بەردەوام دەبێت تا ئەو کاتەی دادگای کردنی خەڵکی دەست پێدەکات، و ڕێگاو شوێنی خۆی دەبینێت، یان بۆ بەهەشت یان بۆ ناو ئاگری دۆزەخ .

(1) موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (987) ڕیوایەتی کردووە، لە فەرموودەی درێژەکەی ئەبو هورەیرەوە .

(2) موسلیم بەفەرموودەی ژمارە (987) ڕیوایەتی کردووە، لە فەرموودەی درێژەکەی ئەبو هورەیرەوە .

3- ( عروض التجارة ) ماڵی بازرگانی : مەبەست پێی هەموو کەلوپەل وماڵ وسامانیکە کە کڕین وفرۆشتنی پێوە بکرێت بەمەبەستی دەستکەوتنی قازانج، بە بەڵگەی ئەو ئایەتەی کە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ ﴾ [ البقرة : 267 ]، واتا : ئەی ئەو کەسانەی باوەڕتان هێناوە ببەخشن لەو ماڵە چاك وپاکە کە لە ڕێگەیەکی پەسندوو حەڵاڵەوە بەدەستتان هێناوە .

تەواوی زانایان ئەم ئایەتەیان کردووە بە بەڵگە بۆ واجب بوونی زەکات لەماڵی بازرگانیدا، وە ووتویانە مەبەست لەم ئایەتە زەکاتی ماڵی بازرگانیە .

4- ( الحبوب والثمار ) دانەوێڵە وبەروبومی کشتوکاڵ، مەبەست لە (الحبوب) هەموو دانەوێڵەیەکی قوتە کە هەڵبگیرێت، وەك گەنم و جۆ وهاوشێوەکانیان، وە مەبەست لە ( الثمار ) یش خورما و مێووژە، لەم بارەیەشەوە خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمِمَّآ أَخۡرَجۡنَا لَكُم مِّنَ ٱلۡأَرۡضِۖ ﴾ [ البقرة : 267 ] واتا : - وە ببەخشن - لەوەی کە بۆمان دەرهێناوون(بۆمان ڕواندوون) لە زەوی، وە هەروەها فەرموویەتی : ﴿ وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦۖ ﴾ [ الانعام : 141 ]، واتا : ڕۆژی چنین و درووێنە مافی (هەژارانی) زەکاتەکەی لێبدەن .

وە پێغەمبەری خوایش ( صلی الله علیه وسلم ) فەرموویەتی : " فيما سقت السماء والعيون أو كان عثريا[1] العشر، وفيما سقي بالنضح[2] نصف العشر "[3]، واتا : ئەو کشتوکاڵەی کە لە ئاوی باران یان کانیاوەکان، یان لەڕێگای تەڕی ناوچەکەوە -بەو شێوەیەی کە مێرگ وئاودار بێت-ئاو دەخواتەوە لە دە بەش یەك بەشی دەدرێت بەزەکات، وە ئەو کشتوکاڵەیش کە ئاوی بۆ دەهێنرێت – یان بۆی دەکڕێت، یان بە پارە بیری بۆ لێ دەدرێت –نیو دەیەکی دەدرێت بە زەکاتدا –واتا : لە بیست بەش بەشێکی دەدرێت بەزەکاتدا - .

(1) مەبەست پێی ئەو دانەوێڵە و کشتوکاڵەیە کە بە بی ئاودان بە ڕەگی خۆیان ئاو دەخۆنەوە، وەك ئەوەی کە لەناو حەوزێك بێت و ئاوی بارانا و ببارێت بەسەریدا وبەو هۆیەوە ئاودانی پێویست نەبێت، یان ئەو ناوچەیە مێرگ وئاودار بێت، یان لە ڕوبارێکەوە نزیك بێت وبەهۆی تەڕی ناوچەکەوە ڕەگەکانی ئاو بخۆنەوە .

(2) مەبەست پێی ئەوەیە بە ووشتر ئاوی بۆ بهێنرێت تاوەکو ئاو بدرێت، ئەو ووشترەی کە ئاو دەهێنێت پێی دەڵێن (ناضح) بە مێیەکەشی دەڵێن (ناضحة) .

(3) بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (1483) لە عەبدولای کوڕی عومەرەوە ( خوایان لێ ڕازی بێت) ڕیوایەتی کردووە .

5- ( المعادن والركاز ) مەبەست لە ( معادن ) هەموو ئەو كانزا بەنرخانەیە كە خوای گەورە لەزەوییدا دروستی كردوون ودەردەهێنرێن، بەبێ ئەوەی كەسێك دایانابێت، وەك زێر وزیوو و مس، و هاوشێوەكانیان، وە مەبەست لە ( ركاز ) ئەو ماڵ وسامانەیە كە لە سەردەمانێكی پێشتر لە زەوییدا شاردراونەتەوە و دواتر كەسانی تر پێی دەزانن و دەریان دەهێننەوە، بەڵگەی واجب بوونی زەكات لە كانزا وماڵە شاراوەكاندا گشتگیری ئەو ئایەتەی پێشووترە كە باسمان كرد و خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿يَٰٓأَيُّهَا ٱلَّذِينَ ءَامَنُوٓاْ أَنفِقُواْ مِن طَيِّبَٰتِ مَا كَسَبۡتُمۡ﴾ [ البقرة : 267 ], واتا : ئەی ئەو كەسانەی باوەڕتان هێناوە ببەخشن لەو ماڵە چاك وپاكە كە لە ڕێگەیەكی پەسەندوو حەڵاڵەوە بەدەستتان هێناوە .

ئیمامی قورطوبی لە تەفسیری ئەم ئایەتەدا دەڵێت : مەبەست پێی ڕووەك وكانزا و ماڵە شاراوەكانن كە پاشتر دەردەهێنرێن، هەروەها پێغەمبەری خوایش ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی: " وفي الركاز الخمس " [(1)]، واتا : ئەو ماڵانەی كە لەكۆندا شاراونەتەوە و پاشان دەردەهێنرێن پێنج یەكی بدرێت بە زەكاتدا .

پاشان ئومەتی ئیسلامیش كۆدەنگن لەسەر واجب بوونی زەكات لە كانزاكاندا .

## بابەتی شەشەم : حیكمەت لە واجب بوونی زەكات، زەكات لەسەر كێ واجبە، مەرجەكانی واجب بوونی زەكات :

### أ-حیكمەت لە واجب بوونی زەكات :

زەكات لەبەر كۆمەڵێك حیكمەتی بەرز وبڵند وئامانجی پیرۆز كە ژمارەیان زۆرن، لەو حیكمەتانەیش :

1-پاككردنەوەی ماڵ وسامان وگەشە كردنی، وبەرەكەت تێكەوتن ونەهێشتنی خراپە وبەلا وپاراستنی لە ئافات و دەرد ونەخۆشی .

2-پاككردنەوەی دڵ ودەروونی كەسی زەكاتدەر لە چروكی و ڕژدی وبەخیلی وپیس وچەپەڵی گوناه وتاوان، وە ڕاهێنانی ئەو كەسە لەسەر سەخاوەتمەندی ماڵ بەخشین لە پێناو خوای گەورەدا .

3-هاوسۆزی هەژاران و پڕكردنەوەی پێداویستی ونەداری بێ نەوایان وكەمدەرامەتەكانی كۆمەڵگە .

(1) بوخاری وموسلیم هاوڕان، بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (1499) وموسلیم بەفەرموودەی ژمارە (1710) لە ئەبو هورەیرەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتیان كردووە.

4-جێ بەجێکردنی هاوسەنگی وهاوکاری وخۆشەویستی لەنێوان تاکەکانی کۆمەڵگەدا، بۆیە دەبینین کاتێك دەوڵەمەند وخاوەن سامانێك زەکاتی ماڵەکەی دەدات بە برا هەژار و نەدارەکەی ئەوا خۆشەویستی ئەو بەدەست دەهێنێت، چونکە هەمیشە کەسی بەخشندە جێگای خۆی دەکاتەوە لە دڵی ئەوانەی پێیان دەبەخشێت، بەمەش ئەو حقد وحەسەدەی ئەگەر دروست بووبێت بەرامبەری خاوەن ماڵ وسامان دەڕەوێتەوە وئەمن وئاسایش لە ناو کۆمەڵگەدا بڵاو دەبێتەوە، وە یەکێکە لە نەخۆشیە کوشندەکانی بنەبڕ دەکرێت، تاوای لێدێت کە هەژاران پاراستنی ماڵ وسامانی دەوڵەمەندەکان بە ئەرکی خۆیان دەزانن، هەرگیز ئاواتە خوازی فەوتانی ناکەن .

5-زەکاتدان بە هەژاران و کەسانی شایستە خۆی لەخۆیدا شوکر کردنی خوای گەورەیە لەسەر ئەو نیعمەتە داراییانەی کە خوای گەورە داویەتی بە بەندەکانی، لە هەمان کاتدا گوێڕایەڵی فەرمانەکانی پەروەردگارە کە فەرمانی کردووە بە بەندە دەوڵەمەندەکانی زەکات ماڵ وسامانیان دەربکەن .

6-زەکاتدان بەڵگەیە لەسەر ڕاستگۆی ئیمان وباوەڕی ئەو کەسەی کە زەکاتی ماڵ وسامانەکەی دەردەکات، چونکە ماڵ ودارایی خۆشەویستە لای خاوەنەکەی، وە لەدەستیشی نابێتەوە لەبەر ڕەزامەندی ئەو کەسە نەبێت کە  لەهەموان خۆشەویسترە لای، هەر بۆیە بە بەخشین وزەکات دەوترێت (صدقة) واتە ڕاستگۆی، چونکە کەسی بەخشندە و زەکاتدەر ڕاست دەکات لەگەڵ خاوەنی هەقیقی ماڵ وداراییەکە کە خوای گەورەیە کاتێك داوای لێ کردووە لەبەر خۆشەویستی و ڕەزامەندی ئەو زەکاتی سامانەکەی دەربکات .

7-زەکاتدان هۆکارێکە بۆ بەدەستهێنانی ڕەزامەندی پەروەردگار، و دابەزینی بەرەکەت، وسڕینەوەی تاوان وگوناهەکان و شتی تریش .

## ب-زەکات لەسەر کێ واجبە ( مەرجەکانی واجب بوونی ) :

زەکات واجبە لەسەر ئەو کەسەی کە ئەم مەرجانەی خوارەوەی تێدا دێتە دی :

1-ئیسلام : واتە : ئەو کەسە دەبێت موسڵمان بێت، چونکە زەکات واجب نیە لەسەر کەسی بێباوەڕ، لەبەر ئەوە زەکاتدان عیبادەتێکی دارایی و ماڵ بەخشینە کەسی موسڵمان بە جێ بەجێکردنی خۆی لەخوای گەورە نزیك دەکاتەوە، وە کەسی بێباوەڕ هیچ پەرستن وعیبادەتێکی لێ وەرناگیرێت

هەتاوەكو موسڵمان دەبێت و دێتە ناو ئاینی پیرۆزی ئیسلامەوە، وەك خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿ وَمَا مَنَعَهُمْ أَن تُقْبَلَ مِنْهُمْ نَفَقَاتُهُمْ إِلَّآ أَنَّهُمْ كَفَرُواْ بِٱللَّهِ وَبِرَسُولِهِۦ﴾ [ التوبة : 54 ], واتا : هەر بۆیە ئەوەی كە دەیبەخشن لێیان وەرناگیرێت، چونكە ئەوانە باوەڕیان بەخواو بەپێغەمبەرەكەی (صلی الله علیه وسلم) نیە .

جا كاتێك كە زەكات لە بێباوەڕان وەرناگیرێت و لێیان قبوڵ ناكرێت، هیچ سوودێك لە پابەند كردنیان بە دانی زەكاتەوە نابینرێت، ئەبو بەكری صدیقیش ( خوای لێ ڕازی بێت ) لەم بارەیەوە فەرموویەتی : " هذه فريضة الصدقة التي فرضها رسول الله ( صلى الله عليه وسلم ) على المسلمين " [1]، واتا : ئەمە صەدەقە ( زەكاتدانە ) پێغەمبەری خوا ( صلی الله علیه وسلم ) فەرزی كردووە لەسەر موسڵمانان، كەواتە ئەمە ئەوە دەگەیەنێت كە كەسی بێباوەڕ پێش باوەڕهێنان داوای زەكاتدانی لێ ناكرێت .

لەگەڵ ئەوەشدا دەبێت ئەوە بزانین كەسی بێباوەڕ لە ڕۆژی دواییدا لێپرسینەوەی هەموو ئەمانەی لەگەڵ دەكرێت، چونكە لەسەر ڕای دروست كەسی بێباوەڕ موكەلەفە بە باوەڕ هێنان، زەكاتدانیش كۆڵەكە وپایەیەكە لە پێنج پایەكی ئیسلام، كەبە شێكن لە ئیمان وباوەڕ .

2-ئازادی : زەكاتدان لەسەر بەندە و ئەو كەسەی بەڵێنی ئازاد كردنی پێدراوە واجب نیە، چونكە بەندە خاوەنی هیچ شتێك نیە، بەندەی بەڵێن پێدراویش موڵكایەتی و خاوەندارێتیەكەی لاوازە، دیارە كەسی بەندە ئەوەی هەیەتی و لەدەستیەتی موڵكی سەید وگەورەكەیەتی، بۆیە زەكات لەسەر سەید وگەورەكەی واجبە .

3-ئەو ماڵ وداراییەی كە دەگاتە ئەندازەی زەكاتدان دەبێت موڵكێكی تەواوی جێگیری خاوەنەكەی بێت، ( ملكا مستقرا تاما ) [2] وە دەبێت زیاد بێت لە پێداویستیە زەروریەكانی خۆی، ئەو پێداویستیانەی كەس ناتوانێت لێی بێ ئاتاج بێت، وەك خواردن و جلوبەرگ و شوێن وجێگای مانەوە، چونكە زەكاتدان بۆ هاوسۆزیە لەگەڵ هەژاران، بۆیە ئەو ئەندازەی زەكاتی تێدا واجب دەبێت پێویستە بەدوور بێت لەوەها وەصفێك، ئەویش بە ڕوونی لەم فەرموودەیەدا بەدەردەكەوێت كە

(1) بوخاری بە ژمارە (1454) ئەم ئەسەرەی ڕیوایەت كردووە، لەو نوسراوەی كە ئەبو بەكر (خوای لێ ڕازی بێت) نووسی بۆ ئەنەسی كوڕی مالیك كاتێك ناردی بۆ بەحرەین .

(2) مەبەست لە ( مستقرا ) : واتا : موڵكێكی وابێت كە موعەرەض نەبێت بۆ تیاچوون، چونكە ئەگەر هاتوو موعەرەض بوو بۆ تیاچوون وجێگیر نەبوون زەكاتی تێدا واجب نابێت .

پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : " ليس فيما دون خمسة أوسق صدقة، وليس فيما دون خمس ذود صدقة، وليس فيما دون خمس أواق صدقة " [1]، واتا : بەروبومی دانەویلە وکشتوکاڵ کەمتر لە پێنج وسق [2] زەکاتی تیدا واجب نابیت، وە کەمتر لە پێنج ووشتریش زەکاتی تیدا واجب نابیت، وە لە زیویش کەمتر لە پینج ئۆقیەش [3] زەکاتی تیدا واجب نابیت .

4-ساڵ بەسەردا هاتنەوە بەسەر ئەو ماڵ و داراییەدا: ئەویش بەوەی دوانزە مانگ بە مانگی ئاسمان تێپەڕ بکات بەسەر ئەو ماڵ ودارایییەی کە گەیشتوەتە ڕادەی زەکات ولەهەمان کاتیشدا لەژێر دەسەڵاتی خاوەنەکەی بێت و بتوانێت تەصەڕوفی پێوە بکات، ئەویش بە بەڵگەی ئەو فەرموودەیەی کە پێغەمبەری خوا ( صلى الله عليه وسلم ) فەرموویەتی : " لا زكاة في مال حتى يحول عليه الحول " [4]، واتا : زەکات لە ماڵ وسامانێکدا واجب نابێت هەتاوەکو ساڵی بەسەردا نەیەتەوە .

ئەم مەرجەش تایبەتە بە ئاژەڵ لە (ووشتر ورەشە ووڵاخ و مەڕ وبزن) وزێر وزیوو ( هەموو دراوێکیش کە جێگای زێر وزیووی گرتبێتەوە ) لەگەڵ ماڵی بازرگانی، بەڵام سەبارەت بە کشتوکاڵ لە دانەوێڵە و مێوژ و خورما، و کانزا ومالە شاراوەکانی کۆن کە دەدۆزرێنەوە مەرجی ساڵ بەسەردا هاتنەوەیان نیە، ئەویش بە بەڵگەی ئەو ئایەتە پیرۆزەی کەە خوای گەورە دەفەرمویت : ﴿وَءَاتُواْ حَقَّهُۥ يَوۡمَ حَصَادِهِۦۖ﴾ [ الانعام : 141 ], واتا : ڕۆژی چنین و درویَنەی کشتوکاڵ وبەروبوم مافی (هەژارانی) زەکاتەکەی لێبدەن .

وە لەبەر ئەوەی کانزا و ماڵە شاراوەکان ماڵێکن لە زەویەوە دەردەهێنرێن، بۆ واجب بوونی زەکات تێیاندا مەرجی ساڵ بەسەردا هاتنەوەیان تێدا بە مەرج نەگیراوە، وەك بەروبومی کشتوکاڵ و دانەوێڵە ( گەنم و جۆ و مێوژ و خورما ) .

## بابەتی حەوتەم : بەشەکانی زەکات :

(1) بوخاری وموسلیم هاوران، بوخاری بەفەرموودەی ژمارە (1447) وموسلیم بەفەرموودەی ژمارە (979) لە ئەبو سەعیدی خودریەوە ( خوای لێ ڕازی بێت ) ڕیوایەتیان کردووە .

(2) هەر وسقێك شەست صاعە، پێنج وسقیش دەکاتە : سێ صەد صاع، هەر صاعێکیش کەمێك زیاترە لە دوو کیلۆ ونیو .

(3) هەر ئۆقیەیەك بریتیە لە چل درهەمی زیوو، واتا کەمتر لە دوو صەد درهەم زەکاتی تێدا واجب نابێت .

(4) ابن ماجە و جگە لەویش ئەم فەرموودەیان ڕیوایەت کردووە، وە شێخ ئەلبانیش بە صەحیحی داناوە، بڕوانە : إرواء الغليل (254/3) فەرموودەی ژمارە (787) .

زەکات دەکرێت بە دوو بەشەوە :

1-زەکاتی ماڵ ودارایی : کە پەیوەستە بە ماڵ وسامان لە پارە وپوڵ و ئاژەڵ و مالآت و کشتوکاڵ و ماڵی بازرگانی .

2-زەکاتی لاشە وجەستە : کە پەیوەستە بە لاشە و جەستەی مرۆڤی موسڵمانەوە، کە مەبەست لێی زەکاتی سەر فیترەیە لە پاش گرتنی ڕۆژووی مانگی ڕەمەزان واجب دەبێت .

## بابەتی هەشتەم : زەکاتی ماڵی قەرز :

ئەگەر هاتوو قەرز بەلای کەسێکی نەدارەوە بوو، ئەوا خاوەن قەرزەکە هەرکاتێك قەرزەکەی وەرگرتەوە زەکاتی ئەو ساڵەی لێ دەدات کە قەرزەکەی تێدا وەرگرتوەتەوە، بەڵام ئەگەر هاتوو قەرزەکە بەلای کەسێکی دەوڵەمەندەوە بوو، ئەوا خاوەن قەرز هەموو ساڵێك لەگەڵ ماڵ وسامانەکەی خۆیدا زەکاتی ئەو قەرزەیش دەدات. چونکە وەك ئەوە وایە لای خۆی بێت .

# پێڕستی بابەتەکان


| م | ناونیشان | لاپەرە |
| --- | --- | --- |
| 1 | بابەتی یەکەم : پێناسەی زەکات | 1 |
| 2 | بابەتی دووەم : حوکمی زەکات و بەڵگەکان لەسەری | 1 |
| 3 | بابەتی سێهەم : حوکمی ئەو کەسەی کە ئینکاری زەکات دەکات | 2 |
| 4 | بابەتی چوارەم : حوکمی ئەو کەسەی لەبەر ڕژدی و بەخیلی زەکات نادات | 3 |
| 5 | بابەتی پێنجەم : ئەو ماڵ و سامانەی کە زەکاتیان تێدا واجبە | 4 |
| 6 | بابەتی شەشەم : حیکمەت لە واجب بوونی زەکات، زەکات لەسەر کێ واجبە، مەرجەکانی واجب بوونی زەکات | 7 |
| 7 | بابەتی حەوتەم : بەشەکانی زەکات | 10 |
| 8 | بابەتی هەشتەم : زەکاتی ماڵی قەرز | 11 |
| | | |